**بسم الله الرحمن الرحيم**

# بەرنامەی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە 2005/12/15.

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان وعیراَق

ئەندام و دۆست و لایەنگرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەلیستێکی سەربەخۆ ولەژێر دروشمی (بەرەنگاری گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزاری) بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەکات،

- لیستەکەمان گوزارشت لەپەیامی حزبێکی سیاسی ئیسلاحی ئیسلامی کوردستان دەکات وکۆمەڵێك کادرو کەسایەتی لێوەشاوە و خزمەتگوزاری لەپێناوی هێنانەدی و چەسپاندنی داواو خواستەکانی گەلی کوردو خەڵکی کوردستان و عێراقدا پاڵاوتووە.
- لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لیستی پتر لە (11) ساڵ خەباتی سیاسی مەدەنیە، کە لە پێناوی بنەجێکردنی بەها باڵاکانی ئیسلام و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان و، لێبوردەیی ئاینی کاری کردووە.
- ئامانجی ئەم لیستە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە پلەی یەکەمدا داکۆکی کردن و بەرگری کردنە لە ماف و دەستکەوتە دەستووریەکانی گەلی کوردستان و بە یاساکردنی فیدراڵیەت و یەکلاکردنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بە مەسەلەی کەرکوکیشەوە لە وادەی یاسایی دیاریکراوی خۆیدا.
- لیستی یەکگرتوو، لیستی پاراستن و پتەو کردنی برایەتی نێوان هەردوو نەتەوەی سەرەکی کوردو عەرەبە لەسەر بنەمای ئاین، و مێژوو، و بەرژەوەندی هاوبەش لەعێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ و دەستووری فرەییدا کە مافەکانی سەرجەم دانیشتوانی عێراقی تیا پارێزراوبێت لەسەر بنەمای هاولاتی بوون، بیجیاوازی و هاڵاواردنی نەتەوەییو مەزهەبی و دینی. چونکە خەڵکی عێراق بەیەکسانی ماف و ئەرکەکانیان لەم ووڵاتەدا شەریکن.
- لیستەکەمان – پشت بەخوا – هەموو هەوڵ و تواناکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە هەموو ئاستەکاندا دەخاتە گەر، و پرۆژەی پێویست بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و پەلەکردن لە جی بەجێکردنیان پێشکەش دەکات.
- ئەم لیستە بەڵێن بە جەماوەری کوردستان و عێراق دەدات کە بەوەفا بێت لە نوێنەرایەتی کردنیان و هەموو داواو خواستەکانیان بەڕاشکاوی و جورئەت و، بەدەنگی بەرز بگەیەنێتە ئەنجوومەنی نوێنەران و هەموو ڕووداو و ڕاستیەکانی ئەنجوومەن و دام و دەزگای حکومەت بەشەفافیەت بەجەماوەر بگەیەنێت. بەهیوای متمانەپێدان و دەنگدان بە لیستی (561) ی یەکگرتوو فەرموون لەگەڵ هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی ئەو لیستە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

هێڵە گشتیەکانی بەرنامەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نۆێنەرانی عێراقی فیدراڵ

1) لیستی یەکگرتوو هەوڵ دەدات بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی فیدراڵ بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك لە وادەی دەستوریی خۆیداو گێڕانەوەی سەرجەم ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

2) هەوڵدان بۆ قەرەبوکردنەوەی بنەماڵەو کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و سەرجەم زیان لێکەوتوانی دەستی رژێمی پێشوو.

3) پشتیوانیکردن لە هەموو هەوڵ و رێوشوێنێکی دڵسۆزانە بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ئۆقرەیی لە عێراقداو کۆتایی هێنان بە باری ناهەمواری تیرۆرو توندوتیژی و باری نائاسایی و بانگەشەکردن بۆ قوڵکردنەوەی گیانی حیوارو بەیەکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا.

4) بەرگریکردن لە مافە ئاینی و سیاسی و مەدەنی و ئیداری و فەرهەنگیەکانی نەتەوەکانی تری عێراق (تورکمان و ئاشوری و کلدان) و، سەرجەم ئاین و ئاینزاکان لەسەر بناغەی مافی هاووڵاتیبوون و، یەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا.

5) جیاوازی نەکردن لە نێوان ژن و پیاودا لە دامەزراندن و وەرگرتنی پۆستەکانداو، رەچاوکردنی لێهاتوویی و، رەتکردنەوەی هەموو شێوازێکی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان.

6) بەرەنگاربونەوەی هەموو جۆرە توندوتیژییەك دژ بە ئافرەتان و کوشتن و سزادانی دوور لە یاساو بڕیاری دادگاو کوشتن بە گومان بەهەر پاساوو بیانویەك بێت.

7) هەوڵدان بۆ بنەبڕکردن و نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی (دارایی و ئیداری و سیاسی) و دادگایی کردنی تاوانباران لەهەر ئاست و پلەیەکدا بن و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی گەندەڵی لە دادگادا.

8) لیستی یەکگرتوو کاردەکات بۆ پارێزگاریکردن لە ماف و دەسکەوتە دەستوریەکانی گەلی کوردستان و، ماف و ئازادیە گشییەکان و، شوناسی ئیسلامیی زۆرینەی کۆمەڵگە لە کاتی رێکخستنی ئەو ماددانەی دەستوور کە دەبێ بەپێی یاسا دیاری بکرێن و رێك بخرێن.

9) لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کار دەکات بۆ دابینکردنی مافی منداڵان و بەهرەمەندبوونیان لەگشت خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و پەروەردەو فێرکردن و یاریگەو باخچەی تایبەت بەخۆیان و کردنەوەی ناوەندی خێرخوازی و چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ گرتنە خۆو خزمەتکردنی مناڵانی بێ باوك ودابینکردنی پێویستیەکانی ژیان و تەندروستی خوێندن و پەروەردەکردن بۆیان.

10) سوود وەرگرتن لە رەهەندە ئیسلامیەکەی یەکگرتوو بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەلەکەمان و، بەهێزکردنی پێگە سیاسیەکەی.

11) پشتیوانیکردن لە بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی و دام و دەزگاکانی.

12) کارکردن بۆ زیادکردن و چاککردنی بڕی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە رێگەی حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە دابین دەکرێن، وەك کارەباو سوتەمەنی و بەنزین و... هتد.

13) کارکردن بۆ پیادەکردن و جێبەجێکردنی مادەی (109) ی دەستور و دیاریکردنی بەشی کوردستان لەو پارەیەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوە تەرخان دەکرێت، بەو جۆرەی لەگەڵ رێژەی دانیشتوان و، قەبارەی کاولکاریەکانی رژێمدا یەکسان بێت.

14) هەوڵدان بۆ بەشداریکردنی زیاتری قوتابیانی کوردستان لەو زەمالەتانەی کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دەنێردرێنە دەرەوە.

15) چاودێریکردنی هەڵس و کەوتی حکومەت بۆ دیاریکردنی ئاستی پابەندبوونی بە ماددەو بڕگەکانی دەستورەوە.

16) ڕێکخستنی یاسای ئەنجومەنی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بە جۆرێك کە تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان ڕەچاو بکات.

17) سوودوەرگرتن لە گشت تواناکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، بەمەبەستی خزمەتکردنی لاوانی کوردستان.

18) کارکردن بۆ زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران بە جۆرێك کە لای کەمی ژیانێکی ئابڕومەندانەیان بۆ دابین بکات.

19) پێشخستن و نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندن و، بایەخدان بە مامۆستایان لە رووی ماددی و مەعنەویەوەو، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بواری پەروەردەو فێرکردن و پەرەپێدانی سیستەمی خوێندن لە هەموو بوارەکاندا.

20) مافی نیشتەجێ بوون یەکێکە لەمافە شەرعی و یاساییەکانی هەر هاووڵاتیەك، لیستەکەمان هەوڵدەدات بۆ دابینکردنی خانوبەرەی شایستە بۆ هەر هاووڵاتیەك لە کۆمەڵگەی عێراقدا کە پارێزگاری لانی کەمی تایبەتمەندیەکانی خێزانەکانیان بکات و ئابرو حورمەتیان بپارێزێت.

21) بایەخدان بە بوژانەوەی کەرتی پیشەسازی عێراق، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی و کەمکردنەوەی بێکاری و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر.

22) گەشەدان بە کەرتی تایبەت و پشتگیریکردنی بازرگانان و بازرگانی ئازادو کارئاسانی بۆ وەبەرهێنانی سەرمایە ناوخۆی و بیانیەکان و ڕێکخستنیان بە گوێرەی یاساو پاراستنی ئەم بوارانە لە گەندەڵی و رۆتینی ئیداری، والاکردنی دەرگاکانیان بەرووی هەموو هاووڵاتیاندا بێ قۆرغ کردن و قەدەغە کردن.

23) بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵی، و توێژی جوتیاران بە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە:

ا- چاککردنی سیستەمی ئاودێری.

ب- چاککردنی جۆری بەرهەم، بەهێنانی تۆوی نوێ و قەلاچۆکردنی ئافەتە زەراعیەکان.

ت- پشتگیری جوتیاران بە سولفەی بانکی کشتوکاڵ و گەیاندنی خزمەتگوزاری بو گوندەکان و چاککردنی ڕێگاوبان بۆ گەیاندنی بەرهەمەکانیان بە بازار.

24) هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگە بە بنەبڕکردنی سەرچاوەکانی پیسبوونی ئاوو هەواو خاك و، گرنگیدان بە رۆشنبیریی ژینگەپارێزی و پشتیوانیکردن لە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە ژینگەپارێزیی.

25) هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕێگاوبان و گواستنەوەو، قەیرانی هاتوچۆ لە شارەکاندا، کە ڕێژەیەکی زۆری لەکات و ژیانی هاووڵاتیانی بە فیرۆ داوە.

26) هەوڵدان بۆ نۆژەنکردنەوەی بەنداوەکانی کوردستان و، دروستکردنی بەنداوی نوێ، بەمەبەستی سوودوەرگرتنی هەمەلایەنە لە سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان و پاراستنی سامانی ئاو.

27) خەباتکردن لە پێناو سڕینەوەی ئاسەوارەکانی کەلتوری بەعس و تاکرەوی و بالادەستیی نەتەوەیی و مەزهەبی و، بلاوکردنەوەی بیری میانەڕەوی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان و رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ.

28) هەوڵدان بۆ بەرفراوانکردنی بەشداریی لاوان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریداو، کارئاسانی بۆ پێکەوەنانی خێزان و، دابینکردنی سەرچاوەی ژیانێك لەگەڵ لای کەمی خولیاو ئاواتەکانیاندا بگونجێت.

29) پشتیوانیکردن لە گەشەدان بە میدیای ئازادو، ئازادیی رۆژنامەگەریی.

30) کارکردن لە پێناو کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری و، دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و فراوانکردنی هەلی کارکردن.

31) هەوڵدان بۆ بەردەوامبوون و باشترکردنی پرۆسەی دابەشکردنی بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان لە روی بڕو جۆرو کاتی دابەشکردنیدا، یان قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیان بە بڕێك پارەی دیاریکراو.

32) هەوڵدان بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە گەشەپێدان و پێشخستنی زانکۆو پەیمانگاکان مسۆگەر دەکات و، هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی و، پشتیوانیکردن لە زاناو پسپۆڕەکان بەمەبەستی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەی عێراق بە توانا زانستییە ناوخۆییەکان و دابینکردنی ئازادیی لێکۆڵینەوەی زانستی.

33) لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەوڵ دەدات لە پێناو دابینبوونی تەندروستی ـ التأمين الصحي ـ سەرجەم دانیشتونی عێراق، بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی و داودەرمان و چارەسەرکردن بە نرخێکی رەمزی و پیادەکردنی یاساکانی دابینبوونی تەندروستی لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە.

---